# ماركسيزم چۆن كار دەكات؟




# ماركسیزم چۆن كار دەكات؟

نووسینی: كریس هارمان

وەرگێرانی: مەحەمەد وەسمان

چاپ و بڵاوکردنەوەی لە لایەن: سەنتەری رۆشنگەری مارکسیستی

## ناوەرۆک


- پێشەکی
- بۆچی پێویستمان بە تیوری مارکسیزم هەیە؟
- لە مێژوو گەیشتن
- ناکۆکی چینایەتی
- سەرمایەداری _ ئەم سیستەمە چۆن دەستی پێکرد؟
- بەها لە تیوری کاردا
- قەیرانی ئابووری
- چینی کرێکار
- چۆن دەتوانین کۆمەڵگا بگۆرین
- پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێر
- ئیمپریالیزم و رزگاری نیشتیمانی
- مارکسیزم و ئافرەت
- سۆسیالیزم و جەنگ


## پێشەکی

ئەفسانەیەکی زۆر بڵاو هەیە دەڵێت مارکسیزم سەختە. ئەوەش یان ئەفسانەیەکە لەلایەن دوژمنانی سۆسیالیستی پروپاگەندەی بۆ دەکرێت – بۆ نموونە – هارولدو یلسون سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانی پێشوو شانازی بەوە دەکرد کەوا هیچ نەیتوانیوە لە لاپەرەی یەکەم زیاتر لە کتێبی (سەرمایە) ی کارل مارکس بخوێنێتەوە، هەروەها ئەفسانە یێکە، بەشێکی تایبەت لەو ئەکادمییانەی وا رادەگەیەنن کەوا مارکسیزم هانی دەدەن: بە ئەنقەست چەندان ڕستەی ئاڵۆزو دەستە واژەی نادیارو لێڵ لە ئاخاوتن و نووسینەکانیاندا دەچێنن بۆ ئەوەی وانیشان بدەن کەوا زانیارییێکی تایبەتیان هەیە کەسانی دیکە نیەتیان.

له بەر ئەوە هیچ جێی سەرسوڕمان نییە کەوا زۆر لە سۆسیالیست خوازان ئەوانەی 40 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا لە کارگە و کانگە، یان نووسینگاکان کار دەکەن ئەم ئەفسانەیە بە بەڵگە نەویست دەزانن و مارکسیزم وا دەدانێن کەوا کاتیان نییە و دەرفەتیان نییە تێبگەن.

لە راستی دا هزرە سەرەکیەکانی مارکسیزم زۆر سادەیە، ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین لەهەموو رێکخستە (منێومە) یەکی هزری دیکە باشتر ڕاڤەی دەکات و واتایەک بەو جیهانە دەبەخشێت کەوا تەنگژەکان وێرانیان کردووە لەبەر زۆری هەژاری لە نێو دەوڵەمەندی دا، لەبەر کودەتاو دیکتاتۆریەتی سەربازی، لەبەر ئەوەی داهێنانە مەزنەکان ملیۆنان کەس ڕەوانی کاروانی هەژاران دەکات کە داوای یارمەتی و خێر دەکەن، لەبەر ئەو دیموکراتیانەی کە دارایی دەبەخشێتە ئەوانەی کوشتگە ساز دەکەن.

لەهەمان کات، هزرمندانی ڕژێمەکان ئەوانەی گاڵتە بەهزرە مارکسیستیەکان دەکەن راوە دووی یەکتر دەنێن لە یارییەکە دا! کەناوی تایبەتمەندییەتی کوێرانەی شێتانەیە بەشێوەیەک نەهیچ ڕاڤە دەکەن و نەهیچ لێک دەدەنەوە .

هەرچەندە مارکسیزم سەخت نیە بەڵام بۆ ئەوکەسەی بۆ یەکەم جار نووسینەکانی مارکس دەخوێنێتەوە روو بەرووی گرفت دەبێتەوە، هەموو ئەوەی مارکس نووسیویەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەک پێش ئێستا. زمانی چاخی_خۆی بەکارهێناوە، بەشێوەیەکی تەواو بە گەڕانەوە بۆ تاکەکەس و رووداو گەلێکی کە ئەوکاتی لای هەمووان باو بوون، کەچی ئێستا تەنیا مێژوو نووسە تایبەت مەندەکان دەیزانن.

سەرسوڕمانی خۆم بیردێتەوە – کەلە خوێندنگە دابووم – هەوڵمداناملکەی مارکس بەناوی هەژدەی برومیری لویس بوناپرت بخوێنمەوە . نەم دەزانی وشەی برومیر چییە یان بوناپارت کێیە . زۆر سۆسیالیست خواز وازیان لە هەوڵدانیان هێنا بۆ خوێندنەوەی مارکسیزم دوای ئەزموونی لەم جۆرە !!

ئەوە یان رەوانیشاندەری ئەوەیە کەلەپشت ئەم کتێبە کورتە وەیە . هەوڵدەدات پێشەکیەک بخاتە بەردەست بۆ هزرە مارکسیەکان بەشێوەیەک رێگا هەموارکات بۆ سۆسیالیستخوازان لەسەر رەوەتی کە مارکس لەسەر بوو بەردەوام بن و لەگۆڕانی مارکسیزم بگەن لەوکاتیدا لەسەر دەستی فریدریک ئینگلیز و رۆزا لو کسمبرج وفلادیمیر لینین و لیون تروتسکی و کۆمەڵەیەک و دەستەیەکی تەواو لە هزرمەندانیخواز ئاوا ئەنجام دا

ئەم ناميلكەيە بۆ يەكەم جار لە شێوەی زنجيرە وتارێک لە ڕۆژنامەی (کرێکاری سۆسياليست) بەناونيشانی (مارکسيزم سادەکراو) بڵاو کرايەوە . بەڵاّم من بابەتێکی گرنگی ديكەی نوێم خستەسەر . هەنديکيانم لە دووهەوڵی پێشووم بۆ پێشكەش کردنی خستنە ڕوويێکی سادەی هزرە مارکسيەکان بوو : کتێبی دنكان هالاس ( واتای مارکسيزم ) ( و زنجيرەی فێر خوازيی )ی مارکسيزم لکی پارتی کرێکارانی سۆسيالستی بەريتانی لە نورويچ.

دوا خاڵ، کەمی دەرفەت – پانتای بڵاو کردنەوە – ڕێگر بوو لەوەی باسی هەندێ بەشی گرنگی شيکردنەوەی مارکسيزم سەبارەت بەجيهانی هاوچاخدا بکەم . پاشکۆی ئەم ناميلكەيە ژێدەری لەگەڵدايە بۆ ئەوەی يارمەتی دەربێت بۆ زياتر خوێندنەوە لەبارەی ئەم بابەتە.

کريس هارمان: ئەندامی سەرکردايەتی پارتی کرێکارانی سۆسياليست_ بەريتانيا.هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری وەرزی تيوری سۆسياليستی " سۆسياليزمی ئەنتەرناسيونالی"

- www.swp.org.uk
- www.isj.org.uk

ئاگاداريەک بۆ خوێنەران:

پەرتووکی مارکسيزم چۆن کار دەکات بە تيراژی 1000 دانە لە کوردستان بلاّوکرايەوە. نرخی 2000 دينارە لە بلاّوکراوەکانی "سەنتەری ڕۆشنگەری مارکسيستی"يە بۆ بە دەست هێنانی ئەم پەرتووکە پەيوەندی بگرە بەم ئيمايلەوە:

m a r x i s t e c @y a h o o ·c o m